www.kurdistannet.org
4-10-2006 9:43 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## بانگەوازێک بۆ کەس و کاری قوربانیان بۆ هەموو ئەو ئازیزانەی وەک سکاڵاکەر و شایەدحاڵ دەچنە بەردەم دادگای باڵای تاوانەکان

خۆشەویستان

هەروەك ئاگادارن و لە هەموو كەس باشتر ئەوە دەزانن، ئەوانەی چاوساغی ڕژێم بوون، كەس و كارمانیان لە كونە شاخ و ئەشكەوتا، لە ماڵان و گوند و پەناگاكاندا دۆزییەوەو دەرهێنا، هەر ئەو سەرۆك جاشانەن ئێستا لەناوماندا دەژێن و تاكو ئێستاكەش ئەوان خاوەندی بەری ڕەنج و فیداكاری ئێمەن.

ئەوانەی ماڵ و حاڵمانیان تاڵان و وێرانكرد هەر ئەوانن، ئێستاش برسیمان دەكەن.

ئەوانەی چاوساغی سوپای سەدام بوون، ئەوانەی جەنگاوەری ئەو دڕندەیە بوون، ئەوانەی كەس و كارمانیان تەسلیم كردوو نەیانمان بینیوەوە هەر ئەوانن، ئێستا لە ناومانن لە گەڵمانن نانی سەر سفرەمان دەدزن.

بەڕێزان ئەگەر ئەو تاوانكارانە لەم پرۆسەیە دادگایی نەكرێن، هەلێكی زێڕینمان لە دەست دەچێت و بۆمان ناگەڕێتەوە، ئەوسا خوێنی بە ناهەق ڕژاوی باوك، كوڕ، دایك، خوشك، كچ، خۆشەویست و ئازیزانمان، تاڵانكردن و سوتاندن و ڕوخاندنی ماڵ و حاڵمان هەموو بە فیڕۆ دەڕوات، بۆیە بانگەوازتان دەكەین ئەم هەلە لە دەست مەدەن، لە دادگا شایەدییان لەسەر بدەن، لیستی ناوەكانیان بدەن بە دادگا، هەرچی ڕۆژنامەو بڵاڤۆكی سەردەمی بەعس هەیە و ناوی ئەوانی تێدا هاتووە لە گەڵ خۆتانا پێشكەش بە دادگا بكەن، ناوەندی چاك لە لای خۆیەوە ئامادەیە هەرچی لەبەردەستدا بێت پێشكەشتان بكات، هەروەها بە هەموو توانایەكییەوە لە پشتان دەوەستێت.

جارێكی دیكە تكاتان لێ دەكەین ئەم هەلە لە دەست مەدەن، پشتگیری هەموو ئەوانە بكەن كە دەكەونە بەر هەڕەشە، با هەموومان پێكەوە لە پشت قوربانیان بوەستنین، با پێكەوە سەرجەم تاوانكاران بەرەو دادگا ڕاپێچ بكەین.

ناوەندی چاك
2006-10-1